# جۆرەکانی هاوێنە.. کار و تایبەتمەندییەکانیان

ئەدریان هۆلۆوەی
و/ لە ئینگلیزییەوە: فارس سەعدی

(١-٢)

هاوێنە چاوی کامێرایە و گرانی و هەرزانی هەر کامێرایەک بکڕی پابەندە بە جۆری هاوێنەکەی سەری و ئەو کۆمپانیایەی کە لێی دروست کراوە. جوانی وێنەکان و ڕێکیان (٨٠٪)ی دەگەڕێتەوە بۆ باشی و خراپی هاوێنەکە. هاوێنەش زۆر جۆری هەیە، هەریەکەیان جۆرە گۆشەنیگایەک دەبەخشن، بۆیە وێنەگر دەبێ بزانێ وێنەکەی دەیەوێ بگرێت بە چ گۆشەنیگایەک بێت، تا بتوانی ئەو هاوێنەیە بخاتە سەر کامێراکەی کە ئەو گۆشەنیگایەی بداتێ کە دەیەوێ. بۆ زیاتر چوونە نێو جیهانی هاوێنەکان و کار و تایبەتمەندییەکانیان و کوالەتیان، تیشک دەخەینە سەر گشت جۆرەکانیان.
**(وەرگێڕ)**

**هاوێنە**

هاوێنەی کامیرا ئەو ڕووناکییەی لە بابەتەکەوە دێت ڕووە و ناوەوەی کامیرای دەکات وێنەکەی لەسەر فیلمی ناو کامیراکە پێکدێنێت. هاوێنە بەگشتی لە توخمێکی یا زیاتری شووشەیی (یا پلاستیکی) پێکهاتووە کە ئەمانە یا تیشک کۆدەکەنەوە یا بڵاودەکەنەوە. توخمی تیشکی کۆکەرەوە وێنەیەکی لاواز پەیدا دەکات بۆیە کۆمپانیای دروستکەری هاوێنە، هاوێنەی جۆری تیشک بڵاوکەرەوە لە پاڵیا دادەنێت بەمەش وێنەی جوانتر و ڕێکتر دروست دەکەن هەرچەندە ئەمە دەبێتە مایەی زیادبوونی نرخەکەی. بەهەر حاڵ زۆری توخمی هاوێنە دەبنە مایەی کاڵکردنی وێنەکە لەبەر ئەوەی لەسەر ڕووی ئەو توخمانە تیشک دەدەنەوە بۆ کەمکردنەوەی ئەم حاڵەتە ئەوا ئەمۆڵشنێکی تایبەتی لە ڕووی هاوێنەکان هەڵدەسوون بەمەش زۆربەی زۆری تیشکەکان ڕووە و ناوەوەی دەکەن و کۆنتراستی وێنەکەش باش دەردەکەوێت. هەرچەندە کوالەتی شووشەی مۆدێرن وایان کردووە ڕۆڵی ئەو ئەمۆڵشنە کەم بێتەوە و بەپێویست نەزانرێ.

**جۆرەکانی هاوێنە**

بەگشتی سێ جۆر هاوێنەی سەرەکی هەنە. هاوێنەی کامیرای گیرفان (١١٠)وە جۆری کامیرای کۆمپاکتی (٣٥ملم)ی کە لە توخمێک یا دووان پێکهاتووە و چەسپن بە بەدەنی کامیراوە و بواری ئەوە نادەن فۆکەسینگ ئەنجام بدرێ. زۆربەی کامیرای کۆمپاکتی (٣٥) ملیمی کە هاوێنەی چەسپاویان بەسەرەوەیە کە لە دوو توخم یا زیاتر پێکهاتووە، کە دەتوانی فۆکەسینگ لە (١) مەترەوە تا (بێ کۆتایی) ئەنجام بدەی هەندێکیان دەتوانی (فەتحەی) هاوێنەیان بە ڕادەیەکی دیاریکراو ڕێک بخەی.
کامیرای (٣٥) ملیمی و مامناوەندی جۆری (SLR)

واتە تاک هاوێنەی ڕفلێکس کە هاوێنەکانیان دەگۆڕین و لە چەندان توخمی هاوێنە پێکهاتوون بە ئاسانی فۆکەسینگ لە (٠،٣)م تا (بێ کۆتایی) پێ ئەنجام دەدرێ. لەگەڵ ڕێنجێکی زۆری فەتحەی هاوێنە. هەندێک لەم هاوێنانە فەتحەی گەورەی هاوێنەیان هەیە، لێدەگەڕێن ڕووناکیەکی زۆر بچێتە ژوورەوە، هەر بۆیەشە کاری فۆکەسینگ ئاسان دەکەنەوە و بە ئاسانی پێیان ئەنجام دەدرێ. لەو شوێنانەی ڕووناکیان کزە یا نزمە. هەروەها دەتوانی خێرایی داخەری بەرز یا زۆر خێرا بەکاربێنی، بەڵام ئەم جۆرە کوالەتیانە نرخەکانیان زۆر بەرزن.

**دوورە تیشکۆ**

هاوێنە بەهۆی دوورە تیشکۆیەکەیانەوە دروست دەکرێن. دوورە تیشکۆ دەکاتە ئەو ماوەیەی لەنێوان توخمی دواوەی هاوێنە تا ڕووی فیلمی ناو کامیراکە بە مەرجێک سکێڵی هاوێنە لەسەر (بێ کۆتایی) بێت. دوورە تیشکۆی هاوێنەی ستاندە- بانۆرماڵ بە گوێرەی جۆری کۆمپانیای دروستکەری دەگۆڕێت. ئەم جۆرە هاوێنانە جۆرە بینینێک دەبەخشن کە نزیکە لە بینینی چاوی ئاسایی. زۆر لە وێنەگران کە کامیرا دەکڕن ئەم جۆرە هاوێنانەی لەگەڵدا دەکڕن. هاوێنەی زیادەکی تر بواری ئەوەت دەدەن کەوا بە زۆر ڕێگاو شێواز وێنەیان پێ بگری. هاوێنەی تەلی فۆتۆ وا دەکات بابەتەکە بە گەورەیی دیاربێت بە گۆشەیەکی تەسک وێنەی بگیرێت. ئەم کوالەتیە بواری ئەوەت دەداتێ کە بتوانی لە دوورەوە یا بابەتی دوور وێنەیان بگری یانیش بەشێکی گرنگ لە بابەتەکەت وێنەی بگری. هاوێنەی کاتادایۆپتریک یا (ڕفلێکس) یا ئاوێنەدار لوولەیەکی هاوێنە دێتەوە بار یەکتری و کورتی دەکاتەوە بەمەش هەڵگرتنی ئاسان دەبێت. هاوێنەی واید ئەنگڵ یا گۆشەکراوە بواری ئەوەت دەدا کەوا زۆرترین بابەت لەنزیکەوە لە یەک فرێم کۆکەیتەوە، یانیش بتەوێ پێرسپێکتیڤی دراماتیکیت دەست کەوێت هاوێنەی زوومیش دووری تیشکۆیی هەمە جۆرت دەداتێ بەمەش باشترین شێوەی پڕ بە فرێمەکەت دەست دەکەوێ بێ ئەوەی خاڵی ڕوانینت بگۆڕی، هەروەها قووڵایی مەیدانی گونجاویشت دەست دەکەوێ گەر بتەوێ زیاترت دەست کەوێ و هەمەجۆری وەدەست بێنی ئەوا هاوێنەی تریش جۆری تایبەتی وەکو هاوێنەی ماکرۆ بواری وێنەگرتنی لەنزیکەوەت دەدات.




**هاوێنە چۆن کاردەکات**

هاوێنەی کامیرا تیشکی ڕووناکی بابەتەکە کۆدەکاتەوە و شێوەی بابەتەکە بەخشتی دروست دەکات لەسەر فیلمی ناو کامیراکە. ئەو وێنەیەی بەم شێوەیە دروست بووە بە هەڵگەڕاوەیی و بەرەواژ ڕاست بۆ لای چەپ و چەپ بۆ لای ڕاست دەردەچێت. دەتوانرێ ئەم حاڵەتە لەکامیرای مامناوەندی تاک هاوێنەی ڕفلێکس (SLR) بەدی بکەی، بەڵام لە زۆربەی کامیراکانی تردا ئەوا بە ڕاستی و دروستی وێنەکە بەدی دەکرێت. لەمیانی دیارکەری دیمەندا (View- finder). گشت جۆرەکانی هاوێنە بە دوورە تیشکۆکانیانەوە وەسف دەکرێن واتە دووری نێوان دوا هاوێنە تا دەگاتە ڕووی فیلمی ناو کامیراکە.

**خشتی**

دوو هۆکار (فاکتەر) کۆنترۆڵی «کوالەتی» هاوێنە و خشتی وێنەکە دەکەن. ئەمەش ئەوەیە توانای هاوێنە دەردەخات کەوا وردەکاری بابەتەکە دەربچوێنی و هەروەها هێزی هاوێنەش باشترین وێنە و بەکۆنتراستێکی گونجاو دەربچوێنێ. هاوێنە لە هەردوو ئەم ڕووبەرانە کاری خۆی بە چاکی ئەنجام دەدا کاتێک ئەگەر هاتو وێنەی خشتی گونجاوی ئەنجام دا لەسەر فیلمەکەی ناو کامیرا. هەندێ هاوێنەی هەرزان کڕ وێنەی بەخشتیەکی نایەکسان دەردەچوێنێ. بە تایبەتی تێبینی دەکرێ کاتێک وێنەکە بە گەورەیی چاپ بکەی.




### کارتێکردنی فەتحەی هاوێنە

لە گەورەترین فەتحەی هاوێنەدا وێنەکە زۆر بەشەوقە، بەڵام قووڵایی مەیدان تا بڵێی کەمە زۆر قووڵ نییە. تۆ ئەم حاڵەتە بەکاربێنە بۆ فۆکەسینگ «واتە سافکردن». زۆر لە هاوێنەکان بواری ئەوەت دەدەن کەوا لە گەورەترین فەتحەی هاوێنەدا فۆکەسینگ ئەنجام بدەی ئینجا لەکاتی وێنەگرتنەکەدا بچووک بێتەوە بۆ ئەو فەتحەیەی کە دات ناوەتەوە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی. فەتحەی هاوێنە تا بچووکتری بکەیتەوە ئەوا قووڵایی مەیدانی پێ قووڵتر دەبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی فەتحەی زۆر بچووک هاوێنە دیاردەی «دیفراکشن»ی لێ ڕوودەدات، دیاربوون و کۆنتراستی لاواز دەبن. هەندێک فەتحەی گەورەتر لە بچووکترین فەتحە وێنەی خشتی گونجاون دەداتێ و، بەڵام هەندێک لە قووڵایی مەیدان کەم دەکاتەوە.

### قووڵایی مەیدان

قووڵایی مەیدان ئەو مەودایەی (مسافە)یەی نێوان نزیکترین تا دوورترین خاڵی بابەتەکە کە هاوێنە وێنەیانی بەخشتی دەردەچوێنێت. ئەو مەودایە دەگۆڕێ بە گوێرەی ئەو فەتحەیەی دادەنرێتەوە. لە فەتحەی گەورەی هاوێنەدا قووڵایی مەیدان زۆر کەمە، بەڵام کاتێک فەتحەکە زۆر بچووک کەیتەوە قووڵایی مەیدان بەرەو زیادبوون دەچێت.

### سکێڵی قووڵایی مەیدان

ئەگەر هاتو لەمیانی هاوێنەی کامیراوە نەڕوانیتە بابەتەکەت، لەم حاڵەتەدا سکێڵی قووڵایی مەیدان کە لەسەر لوولەکی هاوێنەی کامیراوە نیشان کراوە بەکاربێنە. کە لە شێوەی (f-stop) پلە پلە کراوە. وەک لەسەرەوە دیارە، یەکەمجار فۆکەسینگ ئەنجام بدە ئینجا فەتحەی هاوێنە دیاری بکە پاشان ماوەکە لەسەر سکێڵی فۆکەسینگ بخوێنەرەوە، کە ماوەکە کەوتۆتە بەرامبەر ژمارەی (f-stop) کە تۆ دەستنیشانت کردووە نمرەکان ئەوە دیاری دەکەن نزیکترین خاڵ تا دوورترین خاڵ کە نێت (خشت) دەردەچێت.

### گۆشەی بینین

گۆشەی بینین، گەورەترین گۆشەیە لەنێوان دوو تیشکی ڕووناکیدا کە لەمیانی هاوێنەدا ڕەت دەبن و وێنەیەکی گونجاو دروست دەکەن لەسەر فیلمی ناو کامیرادا. گۆشەی بینین زیاد دەکات تا دووره تیشکۆی هاوێنە بچووکتر بێت.

### هاوێنەی ستاندەر بۆ (٣٥ملم)

بەپێناسەکردنێکی ورد، هاوێنەی ستاندەر بۆ (٣٥ملم)ی دووره تیشکۆییەکی هەیە کە بە قەدەر ژێی فیلمی (٣٥)ملمیە. ئەم پێوەرەش دەکاتە (٥٠ملم) هەروەها زۆربەی هاوێنەی کامیرای تاک هاوێنەی

ڕەفلێکس SLR لەم جۆرە هاوێنانە دروست دەکەن، واتە بەم درێژە تیشکۆییە بێت. هەندێکی تر دروست دەکرێن بە درێژی (٥٥ملم) و (٥٨ملم) ئەمانەش بەستاندەر لە قەڵەم دەدرێن. هەروەها هاوێنەی (٣٨)ملم و (٤٠)ملم بەستاندەر دەژمێردرێن بۆ کامیرای کۆمپاکتی (٣٥ملمی) کە ڕوانینی ڕاستەوخۆیان هەیە. ئەم گۆڕانە کەمە کارتێکردنێکی کەمیان لەسەر وێنە هەیە. لەگەڵ ئەوەی هاوێنەی کە دووره تیشکۆی کورتیان هەیە و بەسەر کامیرای (دایرکت ڤێڤن)ن واتە کامیرای کۆمپاکتی ٣٥ملیمی لەوەیە گۆشەیەکی بینینی فراوانتریان هەیە لە کامیرای SLR کە هاوێنەی ستاندەریان هەیە یا بەسەرەوەیە. خێرایی یا هێزی هاوێنەکان دەگۆڕێن بەشێوەیەکی دیاریکراو بگرە لە (f-35) لەگەڵ (f-1.2)، بچووکترین فەتحە هاوێنەکان لە (f-16) بۆ (f-22) دەبێت. هاوێنەی ستاندەر بە گشتی نرخەکانیان هەرزانە، وێنەکانیان گونجاو و باشە، هەروەها گەورەیی فەتحەی هاوێنەیان یارمەتی ئەوە دەدەن کەوا لە ڕووناکی کزدا وێنەیان پێ بگیرێ. هاوێنەی ستاندەری مۆدرێن پەرەیان پێدراوە کە بتوانرێ لە دووری کەمیش وێنەیان پێ بیگیرێ وەک لە دووری (٠,٥٠)م.

### گۆشەی بینین

بە گشتی هاوێنەی ستاندەر گۆشەی بینینی وات دەداتێ کە وەک گۆشەی بینینی چاوی مرۆڤی ئاسایی بێت. هاوێنەی نموونەیی (٥٠ملیمی) خوارەوە، گۆشەی بینینی (٣٥)ە. وێنەی وا دروست دەکات کە بە قەبارەی ئاسایی بابەتەکە دەربکەوێ. ئەم پیرسپێکتیڤە سروشتییەی وای کردووە هاوێنەی ستاندەر زۆر بڵاوە بکاو بەناوبانگ بێت بۆ وێنەگرتنی ئاسایی.

### خێرایی هاوێنە

دەتوانی هاوێنەی ستاندەر بکڕی کە گەورەترین فەتحەی هاوێنەکەی لە (f-3.5 تا f-1.2) بێت تا گەورەترین فەتحەی هاوێنەکە گەورەتر بێت ئەوا هاوێنەکە هێندە خێراترە. هاوێنەی زۆر خێرا زۆر باشە بەکاربهێنرێ بۆ وێنەگرتنی بەدەستی لەو شوێنانەی ڕووناکیان کزە، چونکە دەتوانی خێراترین خێرایی داخەر بهێنی بەمەش مەترسی ئەوەت نامێنێ وێنەکە لێڵ دەربچێت بەهۆی لەرزینی کامیراوە. بەهۆی هاوێنەی خێراوە دەتوانی خێراییەکی بەرزی داخەر بەکاربێنی بۆ بەستانی جووڵە.

### قووڵایی مەیدان

دەتوانی قووڵاییەکی فراوانی مەیدانت بەهاوێنەی ستاندەر دەست کەوێ. لە گەورەترین فەتحەی هاوێنەدا دەتوانی فۆکەس وا هەڵبژێری کە وەک هاوێنەی تەلی فۆتۆ بێت.

لەوکاتەی لە بچووکترین فەتحەی هاوێنەدا قووڵاییەکی قووڵی مەیدانت پێ دەبەخشێت کە دەگاتە ئەو قووڵاییەی کە بەهۆی هاوێنەی واید ئەنگڵت دەست دەکەوێ.

### هاوێنەی چاو ماسی بۆ (٣٥ملم)

دووره تیشکۆی لە (١٨)ملم وە تا (٦ملم) کە هی هاوێنەی چاوماسین گۆشەیەکی بینینی وەک چاوی ماسی بەفراوانیت پێ دەبەخشێت لەسەر فیلمی (٣٥) ملیمی وێنەیەکی دراماتیکی چەماوەت پێ دەبەخشێت. ئەم شێواندنە زیاد دەبێت هەر چەندی دووری تیشکۆی هاوێنەکە کەم بێت. قووڵایی مەیدان لە چەند سانتیمێکەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە بێ کۆتایی پێویستیت بەوە نییە فۆکەسینگ ئەنجام بدەی هەندێ هاوێنەی چاو ماسی کۆنترۆڵی دایافرامیان تێدایە لەو کاتەی هەندێکی تر لە جیاتیان ئەوا کۆمەڵە فیلتەرێکی (نیوترال دێنستی) ND لەگەڵیدا بەکار دەهێنرێ بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕووناکی. ئەمانە بەهۆی ڕینگی فەتحە هاوێنەوە بەکاردەهێنرێن. هەندێکیان فلتەراتی ئاساییان لەگەڵدا بەکاردەهێنرێ کە ڕەنگە سەرەکییەکانیان گرتۆتەخۆ. هەروەها فلتەری (ئەڵتراڤایۆلێتیش) UV هاوێنەی چاوماسی جۆری تایبەتییە و بۆ بوارێکی تەسک بەکاردەهێنرێ واتە بەکارهێنانیان کەمە و نرخەکانیان زۆرگرانە بۆیە بەزۆری وێنەگری پرۆفیشناڵ بەکاریان دێنن بۆیە باشتر وایە لەوانە بە کرێ وەرگری لەجیاتی ئەوەی بیکڕی.

### گۆشەی بینین

دیارترین سیفەتی هاوێنەی چاو ماسی گۆشەی بینینەکەیەتی. هاوێنەی (١٨ملیمی) گۆشەیەکی بینینی نزیکەی (١٠٠)ە هەیە لەوکاتەی هاوێنەی (٦ملیمی) گۆشەی بینینی (٢٢٠)ە هەیە. دەبێ زۆر وشیار بیت لەوەی بەشێک لەلاشەت دەرنەچێت لەگەڵ دیمەنەکەدا. لەگەڵ دووره تیشکۆی کورتدا ئەوا وێنەکە لەشێوەی بازنەیی دەردەچێت، بەڵام دووره تیشکۆی (١٥) ملیم و (١٨) ملیم شێوەی لاکێشەییت پێ دەبەخشێت لەسەر

فیلمی (٣٥)ملیمی.

**هاوێنەی گۆشەکراوە بۆ (٣٥ ملیمی)**

گشت ئەو هاوێنانەی دوورە تیشکۆیان لە هاوێنەی ستاندەر کورتترە (بگرە لە ٥٠ ملم تا ٣٥ملم) ئەوا پێیان دەگوترێ هاوێنەی گۆشە کراوە (واید ئەنگڵ). لە ڕووی پراکتیکەوە بەو هاوێنانە دەگوترێ کە دوورە تیشکۆییان دەکەوێتە نێوان (٣٥ملم- ١٥ملم). ئەو کۆمەڵە هاوێنانەی کەدوورە تیشکۆیان دەکەوێتە نێوان (٦ملم- ١٧ملم) کە بە دیزاینێکی جیاوازتر دروست دەکرێن بەناوی هاوێنەی چاو ماسی ناو دەبرێن. ئەو هاوێنانەی کە دەکەونە نێوان (٣٥ملم- ٥٠ملم) کاریگەرێتی گۆشەکراوەی کەمیان هەیە.

هاوێنەی گۆشەکراوە بواری ئەوەت دەدات کەوا بەشێکی زۆرتر لەنێو دیمەنەکەدا جێی ببێتەوە زیاتر وەک لەوەی بەهاوێنەی ستاندەر ئەنجام دەدرێ لە هەمان خاڵی ڕوانینەوە. لەگەڵ هاوێنەی (٣٥)ملیمدا ئەم گۆڕانە زۆر ڕوونە، گۆشەی بینین فراوانتر دەبێت هەر چەندە دوورە تیشکۆیەکە کورتتر بێت. لە دوورە تیشکۆی دەورووبەری (١٥ملم) هاوێنەی گۆشەکراوە تێکەڵ بە هاوێنەی چاوماسی دەبێت، کاریگەرێتیان بە باشی تۆمارکراوە. گۆشەکرانەوەی بینین یارمەتی ئەوەت دەدات لە دوورییەکی کەمدا وێنە بگری هەروەها لەو شوێنانەی تەسکن، هەروەها لەو دیمەنانەی گەمارۆدراون و کە بە هاوێنەی ستاندەر ناتوانرێ وێنەیان بگیرێت. کاریگەرییەکی سەرەکی تری هاوێنەی گۆشەکراوە ئەوەیە قووڵایی مەیدانی پێ زیاد دەکرێ. بۆیە دەتوانی وێنەی وای پێ ئەنجام بدەی لە فۆرگراندەوە تا دەگاتە بابەت و باکگراوندەکەی بەنێتی (سافی) دەربچوێنی. لە هەمان کاتدا گەمارۆدرانی دیمەنەکە فراوانتر دەکات بەتایبەتی لەنێوان فۆرگراوندو باکگراوندەکەی. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کەوا ئەو بابەتانەی نزیکن لە دەوروبەریان جیا دەکرێنەوە بەشێوەیەکی دەرپەڕیو بەدی دەکرێن. ئەمە بۆ حاڵەتی دیمەنی وەک شانۆیی بەکاربهێنرێ جوانترین دیمەنی (لاند سکێپ) سروشتی پێ ئەنجام بدەی. یانیش وێنەی پۆرترێت بگری لەپاڵ دیمەنێکی سروشتی کە زۆرترین وردەکاری بگرێتەخۆ بەتایبەتی بۆ گرتەی ناو بینا (indoor shots). هەروەها دەتوانی دیمەنی بیناسازی بگری، بەڵام دەبێ وریا بیت لەوەی گرفتی بینا چەمانەوە بۆ ناوەوەت بۆ پەیدا دەکات.

هاوێنەی گۆشەکراوە یەکەم هاوێنەی زیادەکیت بێت بۆ هاوێنەی ستاندەری سەر کامیراکەت. هاوێنەیەکی زۆر باش بکرە کە لەتواناتدا بێت. زۆر لە هاوێنەی گۆشەکراوە وێنەی ڕاستەقینە دەشێوێنن، ئەم کاریگەریەتیە ئەوکاتە لەبەرەو زیادبووندا دەبێت هەرچەندی دوورە تیشکۆی و نرخەکەی لە کەم بوونەوەدابێت. هاوێنەی گۆشەکراوەی هەرزانەکر توخمەکانی ناوەوە هێندە ڕاست نەکراونەتەوە تا گرفت و کۆسپەکان لاببات. هاوێنەی (٢٨ملم)ی یا (٢٤ملم)ی هەڵبژێرە بۆ بابەتی هەمەجۆری کە نرخەکانیشیان گونجاو بێت.

**گۆشەی بینین**

هاوێنەی گۆشەکراوە دوورە تیشکۆی وای هەیە کە کورتترە لە ژێی ئەو فیلمەی بەکاردەهێنرێ (هاوێنەی ٥٠ملم ستاندەری فیلمی «٣٥ملم»ە کە دوورە تیشکۆیەکەی بە قەدەر ژێی وێنەکە دەبێت). ئەم کورتکردنەوەی دوورە تیشکۆیەی وا دەکات گۆشەی بینینی هاوێنەکە زیاد بکات. بەهاوێنەی (٣٥) ملیمی گۆشەی بینینی نزیکەی (٦٢)ە دەست دەکەوێ لەو کاتەی لەگەڵ هاوێنەی (١٥)ملیمیدا گۆشەی (١١٠)ە دەست دەکەوێ.

**قووڵایی مەیدان**

لەگەڵ هەمان دووری بابەتەکە بۆ کامیراو لەگەڵ هەمان فەتحەی هاوێنەدا، هاوێنەی گۆشەکراوە قووڵاییەکی مەیدانی زیاترت دەداتێ وەک لەوەی بەهۆی هاوێنەی ستاندەرت دەست دەکەوێ. لەگەڵ هاوێنەی (١٥ملیم) و (١٧ملیم) بواری ئەوەت دەدەن وێنەیان پێ بگری بە فەتحەی هاوێنەی (f-5.6 یان f-8) بێ ئەوەی هاوێنەکە فۆکەس بکەی. دەتوانی خێراترین خێرایی داخەر بەکاربێنی لەگەڵ ئەو فەتحانەی ئاماژەیان پێ کرا. بەمەش لە لەرزینی کامیرا دوور دەکەوێتەوە، بەڵام دەبێ باشترین قووڵایی مەیدانت لەبیرنەچێ.

**دیاربوون**

لە خاڵی ڕوانینی نزیکەوە دەبینی لەگەڵ هاوێنەی گۆشەکراوەی زۆر فراوان موبالەغە لە (فۆرگراوند)دا دەکات، هەروەها موبالەغە لە چەمانەوەی هێڵەکان بەرەو ئاسۆ دەکات. لەگەڵ هاوێنەی (٣٥ملیم)یدا کاریگەرێتی

لەگەڵ ئەو بابەتانەی بە گۆشەن یا باریکن دەبێت گەر بکەونە (فۆرگراوند) یانیش هێڵەکان زۆر بەزەقی بچەمێنێتەوە. هاوێنەی (٢٤ملیم)ی قوولایی بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا زیاد دەکات هەروەها هێڵەکان لەئاسۆدا بزر دەکات یا (لادەبات). هەمان هەردوو کاردانەوەکە ڕوونتر هەست پێدەکرێ کاتێک هاوێنەی گۆشەکراوەتر بەکاربێنی (١٥ملیم و ١٧ملیم)ی.

**کوالەتی وێنە**

لەگەڵ هاوێنەی هەرزان کردا خۆت دوچاری کەمبوونەوەی کۆنتراستی وێنەکە دەکەیتەوە سەرەڕای لاچوونی ڕەونەقی وێنەکە، شێواندنی شێوەی هێلکەیی لە لێواری وێنەکە. لە هەمان سیستەمی کامیراکەت بکڕە یانیش لە فابریکەی تایبەت بە دروستکردنی هاوێنەی هەمەجۆر بکڕە.

**سەرچاوە:**

Adrian Holloway; The hand book of Photographic Equipent and Techniques, 1981.